# ژووری نەشتەرگەری

ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی
لە فارسییەوە: دێرین حامید
(سلێمانی)


لە ژووری نەشتەرگەریدا
سەوڵ لە بەلەمێکی شکاو دەدەم
بۆ بینینی هێشووە ترێ
هەوڵ دەدەم
بۆ بەبیرهێنانەوەی
ناوی ژنێک کە خۆشم دەویست
یادگەم بە
دەرزییەک دەسپێرم
کە بۆ لە بیربردنەوەی ئازار
لێم دەدەن.

**٥ تا ٧ ساڵ**

ئێستا لە ڕۆژێکی بەفریدا
لە نێو دڵم
پیلێکیان داناوە و
گوتیان:
بڕیارە من ٥ تا ٧ ساڵ
لەگەڵ ئەم پیلە بژیم
نازانم لەگەڵ ئەم پیلە
دەبێت لە کوێوە دەست پێ بکەم
لەو ساتەوەی کە سەهۆڵەکان دەبن بە ئاو
یان لەو ساتەی
منداڵێکی نەناسراو
بە ئایسکرێمی دەستییەوە
لە پشت پەنجەرەی نەخۆشخانە
بە ڕوومدا پێدەکەنی.

**دەوا**

ئایا
دەوا لە نووسینی شیعردا بوو؟



دەوا لە نووسینی ڕۆمان بوو
دەوا لە نووسینی شانۆنامە بوو
دەوا لە نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان بوو؟
ئێستا
دەتوانم لە سەر قەرەوێڵەی نەشتەرگەریی
لە نێو نەخۆشخانە بڵێم
دەوا لە گوفتاری ڕستەی خۆ بەدەستەوەدانی
پیری ڕۆژگار بوو
کە لە شێوەی زستانێکی بێ مانا لە نێو ئاوە
بەستووەکاندا بوو
لە یەکەمین عەشقم تا ئەم قەرەوێڵەی
نەشتەرگەرییە
نێوانێکی درێژ و فراوان بوو
کە ناچار بووم ئەم نێوانە بە خێرایی لە زستاندا ببڕم
بیدەمە دەست پەرداخی ئاوی گەرم
تەنها لە پێناو چایەکی گەرم
دەبوو ئارام بگرم
تا سەهۆڵەکان لە هاویندا بتوێنەوە
بۆ خواردنەوەی پەرداخێک ئاوی سارد

**قەڵەمەکە دابدە**

هەموو ئەو ژنانەی خۆشم ویستن
ئەوانە بوون منیان گۆڕی بە تنۆکێک فرمێسکی گەرم و
بەیانییەکی سارد
دواتر ناپاب و ون دەبوون
بە پیری لە تەنیشت قەرەوێڵەی نەشتەرگەریم
بەدەنگێکی نووساوەوە ناوی منیان
دووبارە دەکردەوە
بە درێژایی تەمەنم دەمویست واز لە سەرسامی بهێنم و
جووڵەی شەمەندەفەر و فڕۆکەکان
دوابخەم
منیان بردە نێو سەرسامییەکی ترەوە
ژنان کە پیر بووبوون
لەگەڵ کۆترەکان
لە تەنیشت قەرەوێڵەی نەشتەرگەرییەوە
لە بێدەنگیدا سەیریان دەکردم
دەمویست ئەوانە
لە نێو ژووری نەشتەرگەریدا
بە قەڵەم دادەر
دایان بدەم.

**ئایا من وابەستەی سەر زەویم؟**

کاتێک لە ئێوە دەپرسم
ئایا من وابەستەی سەر زەویم
چاوەڕێی وەڵامی ئێوە نامێنمەوە:
من کە بە بێ دەرمانی بێهۆشکەر
سێ کاتژمێر لە ژێر نەشتەرگەریی چاودا بووم
کاتێک لە ئێوە دەپرسم
ئایا من وابەستەی سەر زەویم
لە چاوەڕوانی وەڵامی ئێوەدا نابم:
ئەو ژنەی کە خۆشم ویست
لە گەرمەی سەردەمی عاشقیدا
لە پاریس دەستی لێ بەردام و ڕۆیشت
کاتێک لە ئێوە دەپرسم
ئایا من وابەستەی سەر زەویم
چاوەڕێی وەڵامی ئێوە نابم:
کام سەرزەوی
زەوییەک کە لە نێو دووکەڵی کارگەکاندا
تراکتۆرەکان، شەمەندەفەرەکان، پاسەکان
بیری دڕ و پێچەوانەی زەوی
خەریکە هێواش هێواش
لەناو دەچێت
منیش لە هەڵهاتن و ئاوابوونی ئەم وێرانییە
بەیانی تا شەو
بێهوودە
هەوڵ دەدەم
لە دەوروبەری مندا
ڕزگاربوون لەم خنکانە نییە
من سەرگەردان لەم کۆڵانە قیرتاوانەدا
بەبێ چیمەن و ڕووناکی دڵگیری بەیانیان

بەبێ ڕووناکی مانگ
تەنیا و بێ کەس دەڕۆم
نازانم
ئایا بە دوای کەسێکدا دەگەڕێم
کە ماڵیم ون کردووە
ناشزانم هێشتا زیندووە،
یان مردوو
ئایا من وابەستەی سەر زەویم
چاوەڕێی وەڵامی ئێوە نابم:
من کە ساڵانەم لە دەرەوەی ڕۆژژمێر
یان لە نێو ڕۆژژمێردا تۆمارکراوە
بێ ئاگا چاوەڕێم بەبێ ئەو ئارەزووانەی بەدی
نەهاتوون
لە ساڵانی ڕابوردوو
بێ ئاگا دڵم لە جووڵە کەوت
تا ئەوەی لەم ڕۆژانەدا
پزیشکێکی میهرەبان
بە لەسەرخۆیی و لێزانی
پارچەیەک ئیستیلی خستە
دڵمەوە
ئایا من وابەستەی سەر زەویم
چاوەڕێی وەڵامی ئێوە ناکەم:
نامەوێت زۆر بڵێیی بکەم
ئێستاش هەموو بەیانییەک
سێبەری عەشقەکانی ڕابوردووم
وەک سێبەر و نادیار
لە پشت پەنجەرەکەمەوە تێدەپەڕن
ئایا من وابەستەی سەر زەویم
چاوەڕێی وەڵامی ئێوە ناکەم:
من کە زۆر لە شەوەکانی تەمەنم
لە ژێر ڕووناکی مانگ
دڵشکاو لە ژیان
نانی ئێوارە و بەیانیم بە بێ
ئیشتیها لە نێو نەخۆشخانەکان خواردووە
ئایا من وابەستەی زەویم
چاوەڕێی وەڵامی ئێوە نابم:
لە شەوی سوور و بۆمباراندا
کچەکەم لە باوەش دەکرد و
لە سەروو تۆ قاتەوە
دەگەیشتمە ژێر زەمین
ئایا من وابەستەی زەویم
من کە لەپشت خونچەی کتێبەکانی شیعرمەوە
بەدوای خۆشبەختی و ڕۆژێکی نوێوە بووم
خونچەی کتێبەکانی شیعرم
لە دووری چاوەکانمەوە کرمیان هەڵهێنا
ئایا من وابەستەی سەر زەویم
چاوەڕێی وەڵامی ئێوە نابم:
من ڕۆژێک تا شەو
لە وێستگەی پاسێکدا لە لەندەن
چاوەڕێی زەردەخەنەیەک بووم و
لە نێو وێستگەی پاسدا نەمتوانی
پەڵە هەورەکان بکەمە باران
ئایا من وابەستەی زەویم
چاوەڕێی وەڵامی ئێوە نابم:
من کە لە پیریمدا
شاهیدی چاندنی ئەلغام لە زەوییە
کشتوکاڵییەکاندا
لەجێی گەنم بووم
ئێوە کە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئێمەتان
نییە
بێدەنگ دەبم
گوێ لەم پرلوتانەی شۆپان دەگرم.
تا ئەو چایەی تێم کردووە
سارد نەبێتەوە.

سەرچاوە:
آیا این صبح با این شاخەی نرگس دوبارە برای
من تکرار می شود؟
احمد رضا احمدی، چاپ اول، ١٣٩٥، نشر بدون،
تهران.